# سیستمەکانی هەڵبژاردن.. لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە

ن: محەمەد محەمەد ئەلدرە و:مەریوان محەمەد شەریف

سیستمەکانی هەڵبژاردن ئەو ڕێگا دەستنیشانکراوانەن کە لەڕێگەیانەوە دەستەکانی بیرو دەنگدەران سەروەری خۆیان دەردەبڕن بەدەستنیشانکردنی نوێنەرەکانیان، سیستەمەکانی هەڵبژاردن زۆرن، لەسەر دەوڵەتە سیستمێکی هەڵبژاردن دیاری بکات کە لەگەڵ بارودۆخی وڵاتەکەیان بگونجێت. تێڕوانینی دەوڵەتان لەدیاری کردنی سیستمی هەڵبژاردندا جیاوازن، ئەم جیاوازیەش بەپێی جیاوازی بارودۆخی سیلسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی ترەوە هەندێ لەو سیستەمانە لەهەندێ وڵاتدا سەرکەوتنێکی بێ هاوتاو بی وێنەی بەدەست هێناوە لەپاڵ ئەم سەرکەوتنەدا. لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە لەو وڵاتانەدا، لەهەندێك وڵاتانی تردا سەرنەکەوتوون هەر بۆیە ناچار بوون کە سیستەمی تر بنیاد بنێن بەشێوەیەکی گشتی سیستمەکانی هەڵبژاردن بۆچەند جۆرێك دابەش دەبن:

## یەکەم هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ:

ئەم جۆرەی هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ تێکەڵ بە سیستمی مەرجەعیەت دەبێت هەندێك لەدەستوورەکان پەنا بۆ ئەم ڕێگەیە دەبەن لەهەڵبژاردنی فەرمانڕەواکانیدا. بەشێوەیەك کە دەسەڵاتی هەڵبژاردنی ڕاستەقینە لەژێر دەستی توێژێکی تایبەتدا دەبێت کە بەئاسانی کاریان تێدەکرێت. هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ ئەو هەڵبژاردنەیە بەدوو پلە یان سی پلەدا دەڕوات. کە لێرەدا ڕۆڵی دەنگدەران کورت دەبێتەوە لەوەدا لەهەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان ئەوانیش نوێنەر بۆ پەرلەمانو دەسەڵات هەڵدەبژێرن. بەشێك لەزانایانی ئەمریکی وای دەبینن کە ئەم کەمایەتیە هەڵبژێردراوە زانیاری تەواو پێویست بەدەست بێنێ لەسەر کاندیدەکان کە توانانی هەڵبژاردنی باشو باشترو گونجاویان هەبێت. دەوترێت کە ئەم جۆرە بەوە ناسراوە کە لەزەرەرو زیانی هەڵبژاردنی گشتی کەم دەکاتەوە بەهۆی ئەوەی هاوڵاتی ئاسایی زۆرجار بی ئاگایە لەکارامەییو توانای کاندیدەکان، بەڵام هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ وا دەکات هەڵبژاردن بەدەست دەستەیەکی هەڵبژێردراوەوە بێت تواناو کارامەیی کاندیدەکان بزانێتو بخاتە ڕوو. (1)

ژمارە 47 حوزەیرانی 2009

***هەڵسەنگاندنی سیستمی هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ:**

بەشێوەیەکی گشتی زانایانی دەستووری وا دەبینن هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ شێوازێکی نا دیموکراسیە بۆ هەڵبژاردنی دەسەڵاتداران (2) ، لەوانەیە لەبەر ئەوەی هەندێ شك و گومان هەڵدەگرێت لەلای میللەت و هۆشیاری سیاسیان یان لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی ناراستەوخۆ زۆرجار لەهەڵبژاردنی سنووردارەوە نزیك دەبێتەوە، بۆیە یاسا مەرجی توانای دارایی یان شیاوی و لێهاتوویی یاخود پەیوەندی خێزانی بۆ دەنگدەر و نوێنەر دادەنێ. سەرەڕای ئەوەی کە هەڵبژاردنی نارلستەوخۆ بوار بەحکومەت دەدات کە یاری بەئەنجامی هەڵبژاردنەکان بکات، لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا کە لەساڵی 2000 ئەنجام درا. لیژنەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان لە ویلایەتی فلوریدا سەدان هەزار دەنگی دەنگدەرانی فەرامۆش کرد بەو بیانوەی ناڕوونی کارەکان، بەمەش قورسایی جۆرج بۆشی کوڕ زیاد بکات لەبەرامبەر (ئەل گۆڕی) رکابەری لەدیموکراتەکان.

**دووەم: هەڵبژاردنی راستەوخۆ:**

وتراوە ئەم جۆرە نزیکترە لەدیموکراتیەتەوە لەبەر ئەوەی گەل خۆی هەڵدەستێت بەهەڵبژاردنی فەرمانڕەوایان و نوێنەرانی لەئەنجومەنەکاندا. هەڵبژاردنی راستەوخۆ ئەو سیستمەیە کە مەبست لێی دەنگدەر بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەڵدەستێت بەهەڵبژاردنی نوێنەرەکانی، بەبێ یارمەتی دانی دەنگدەرەکانی قۆناغی دووەم، بەم شێوازەی هەڵبژاردن دەوترێت، هەڵبژاردنی یەك پلە.

هەڵسەنگاندنی سیستەمی هەڵبژاردنی رلستەوخۆ:

تێبینی دەکرێت کە زۆربەی زۆری سیستمەکانی هەڵبژادرن لەکاتی ئێستادا بەئارلستەی هەڵبژادرنی یەك پلەی دەڕۆن، بەهۆی ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەیەتی و بوار بەزۆربەی تاکەکان دەدات کە دەسەڵاتداریان هەڵبژێرن ئەمەش بایەخ دانە بە میللەت بەکاروبارە گشتییەکان و هەست کردنی بەرپرسیارێتی زیاد دەکات.

سیستمی هەڵبژاردنی رلستەوخۆ لەسیستمی هەڵبژاردنی ناراستەوخۆ دیموکراتی ترەو پێداویستییەکانی کەمترە، هەروەها وا لەدەنگدەر دەکات کە لەپەیوەندییەکی رلستەوخۆدا بێت لەگەڵ نوێنەرەکەیدا ئەمەش هانی نوێنەر دەدات کە نوێنەرایەتی رلستەقینە بێت.

لەئەنجومەنی نوێنەراندا بەو مەیل و ئارەزوەی بۆ هەڵبژاردنەوەی لەخولی دووەمی هەڵبژاردندا نوێنەرایەتی ئەم جۆرە پەیوەندییە زۆرجار سیستەمەکە لاواز دەکات کە بەهەڵبژاردنی ناراستەوخۆ بەدەست هاتووە.

**سێیەم: هەڵبژادرنی تاکەکەسی:**

لەهەڵبژاردنی تاکەکەسیدا دەوڵەت بۆچەند بازنەیەکی هەڵبژاردن دابەش دەکرێت، یەکسان دەبێت بەژمارەی نوێنەران کە ئەنجومەنی نوێنەرانی لێ پێکدێت و بۆ هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن یەك کەس لەلایەن دانشتوانیەوە هەڵدەبژێردرێت و دەنگدەر بۆی نییە لەیەك دەنگ زیاتر بدات بەنوێنەرەکان، سیستمی هەڵبژادرنی تاکە کەس ئەو سیستەمەیە کە یاسای هەڵبژاردنی یەمەن وەری گرتووە. کە دەوڵەت دابەشی چەند بازنەیەکی هەڵبژاردنی یەکسان کراوە بەپێی ژمارەی دانشتوان هەر بازنەیەکی

**ئەگەر کەمایەتی نوێنەرایەتی نەبێ لەئەنجومەنەکە دەوڵەت نابێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی کە لەسەربنەمای یەکسانی پێك هاتبێ، بەڵکو دەبێتە حکومەتی چینێکی نایاب و دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو ئەوانەدا دەچەسپێنێ کە دژی بیروڕاکانین**

دەنگدان تەنها یەك نوێنەر نوێنەرایەتی دەكات لەئەنجومەنی نوێنەراندا، دەنگدەران لەرێگەی هەڵبژاردنێكی نهێنیو گشتیو راستەوخۆوە نوێنەركانیان هەڵدەبژێرن.

**هەڵسەنگاندنی سیستمی تاکەکەسی هەڵبژاردن:**

بابەتی هەڵبژاردنی تاكەكەسی و هەڵبژاردنی لیست بەبەردەوامیو تاكو ئێستا ش زۆرێك لەگفتو گۆ هەڵدەگرێت، سەرەڕای ئەوەی كە ماوەیەكی دوورو درێژە بەسەر سەرهەڵدانی ئەم سیستمەدا رۆیشتوە، ئەگەرچی چاكیو خراپی لێ بەدەركەوتووە پشتیوانانی سیستمی تاك هەڵبژاردن ئاماژە بەوە دەكەن كە ئەم سیستمە بەچەند تایبەتمەندییەك دەناسرێن لەوانە: ئەم سیستمە هاوسەنگیەكی گەورەو زۆر لەنێوان بەرژەوەندییە جیاوازەكاندا دێنێتە دی، بەپێچەوانەی سیستمی لیست هەڵبژاردن كە زۆر جار بوار بۆ تاكە حزبێك خۆش دەكات بۆ دەست بەسەراگرتنی هەموو كورسییەكانی نوێنەرایەتی. هەروەها ئەم سیستمە بەسادەو ساكاری دەناسرێتەوە بەوەی كە دەنگدەر تەنها یەك نوێنەر هەڵدەبژێرێت لەبازنەیەكی هەڵبژاردنی بچوكدا، بەمە دەتوانێت بەتواناترین نوێنەر هەڵبژێرێت، بەپێچەوانەی سیستمی هەڵبژاردن بەلیستەكە دەنگدەر بەناو كۆمەڵێك كاندید پەرشو بڵاو دەبێتەوە كە زۆر جار زانیاریەیكی پێویستی لەبارەیانەوە نییە، هەروەها ئەم سیستمە سەربەخۆییو سەربەستییەكی زۆرترو زیاتر دەدات بەدەنگدەر لەهەڵبژاردنی نوێنەرەكانیدا، بەم پێیە لەگەورەییو هەیبەتی حزبە سیاسییەكان كەم دەكاتەوە لەسەر خواستی دەنگدەران، لەكاتێكدا زۆرجار سیستمی هەڵبژاردن لستی دەنگدەر ملكەچ دەكات بۆ كۆنتڕۆڵی حزبە سیاسیەیكانو ئازادییان لەدیاری كردنی نوێنەرەكانیان سنووردار بكات.

سیستمی تاكەكەسی هەڵبژاردن بوار بە نوێنەران دەدات بەئاگاداریان لە پێویستیەكانی بازنەی هەڵبژاردنەكەی دەتوانێت ئاگاداری ئەو كێشانە بێت كە دێتە رێیان كە بەدەستیەوە دەناڵێنن بەو پێیەی زۆرجار لەدانیشتوانی هەمان شوێنە. ئەم سیستمە یەكسانی لەنێوان بازنەكانی هەڵبژاردندا دێنێتە دی، بەو پێیەی دەوڵەت دابەشی بازنەی بچوك بچوك دەكرێتو بۆ هەر بازنەیەكیش یەك نوێنەر دادەنرێت.

***ئەو رەخنانەی ئاراستەی هەڵبژاردنی تاكەكەس دەكرێت:**

وەدەكات هەڵبژاردن لەسەر بنەمای پەسندایەتی لەنێوان كەسەكاندا بێت نەك لەنێوان پرەنسیپو فكردا. هەروەها پاڵێوراو وا لێدەكات ملكەچی بازنەی هەڵبژاردنەكەی بێتو هەموو بایەخو هەوڵەكانی چڕكاتەوە لەپێناو بەرژەوەندییە كانیداو بێ ئاگاو دور بێت لەبەرژەوەندی وڵات.

**هەموو سیستمێك باشو خراپیشی هەیەو لەرووی واقیعەوە ناتوانین هیچ یەكێك لەو سیستەمانە بەسەر ئەوەی تردا بسە پێنین**

**چوارەم: هەڵبژادرن بەلیست:**

سیستمی هەڵبژاردن بەلیست بریتییە لە دابەشكردنی دەوڵەت بۆ ژمارەیەكی كەم لەبازنەی گەورەی هەڵبژاردندا، هەر بازنەیەك لەژمارەیەك نوێنەر پێك دێتو هەڵدەبژێردرێن لەو لیستەدا كە ناوی ئەو پاڵێوراوانەی تێدا دانراوەو بەپێی ئەو ژمارەیەی كە لەیاسادا دیاریكراوە. هەڵبژاردنی بەلیست ئەو پرسیارە ئەوروژێنێ لەبارەی ئازادی دەنگدەر لەپێكهاتنی لیستی هەڵبژاردنەكەیدا، ئایا پەیوەست دەبێت بەدەنگدان بەو لیستەی كە حزبە سیلسیەكە خستویەتیە روو، یان بۆ دەنگدەر هەیە كە تێكەڵیەك لەنێوان ناوەكاندا بكات كە لەلیستە جیاوزەكاندا ناویان هاتووەو لیستێكی هەڵبژاردنی تایبەت بۆخۆی پێك بهێنێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاماژە بەوە دەكەین كە

دەوڵەت بۆ ئەو مەبەستە دابەشی نێوان سی سیستەم بووە:

**سیستمی یەکەم**: سیستمی لیستی داخراو لەم سیستمەدا دەنگدەر پەیوەستە بەدەنگدان بۆ یەکێك لە لیستە حزبییەکان، بێ ئەوەی مافی ئەوەی هەبێ کە هیچ گۆڕانکاریەکی تێدا بکات چ بەزیادکردن یان کەم کردن یان دووبارە ڕێکخستنەوە لەناوەکاندا.

**سیستمی دووەم**: سیستمی تێکەڵاو لەنێوان لیستەکاندا لەم سیستمەدا دەنگدەر سەربەستە لەپێکهێنانی لیستێکی هەڵبژاردندا، لەرێگەی تێکەڵکردنی ئەو ناوانەی کە لەلیستە جیاوازەکانی هەڵبژاردندا هاتوون.

**سیستمی سێیەم**: سیستمی دووبارە ڕێکخستنەوەی لیستەکان بەپێی ئەم سیستمە دەنگدەر بۆی هەیە دووبارە ناوەکان ڕێکخاتەوەو لەلیستێکدا کۆیان بکاتەوە بەو پێیەی هەڵیان دەبژێرێت. بێ ئەوەی تێکەڵاوی لەنێوان ناوەکاندا بکات کە لەلیستە جیاوازەکاندا هاتووە.

***تێڕوانینەکان لەبارەی سیستەمی هەڵبژاردن بە لیست:**

بەپێچەوانەی ئەوەی کە لایەنگرانی سیستمی هەڵبژاردنی تاکەکەس بۆی دەچوو، لایەنگرانی سیستمی هەڵبژاردن بە لیست ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم سیستمە بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی دەناسرێتەوە لەوانە: نوێنەر لەژێر دەستی دەنگدەر رزگار دەکاتو بوار بەکارکردنی پەویەندییە کەسیەکان نادات، بەمەش وا دەکات کە هەڵبژاردنی بەلیست لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویی نوێنەر بوەستێت کە لەتوانایدایە پێشکەشی دەنگدەرانی بکات. ئەم سیستمی هەڵبژاردنە پاکەبێتەوە لەهەموو ئەوانەی پەیوەندییان بەدەست تێوەردانی لە پاکژی و سەربەخۆ بونیەوە هەیە وەکو فشار خستنە سەر دەنگدەران یان گومڕا کردنیان یان هەڵفریودانیان، بەپێچەوانەی ئەو بارەی لەسیستمی هەڵبژاردنی تاکەکەس دایە کە بوارێکی زۆر بە بەرتیل دانی هەڵبژاردن دەداتو دەستتێوەردانی پیاوانی دەسەڵات دەستێواردان لەهەڵبژاردنو دەرئەنجامەکەی دا ئاسانە.

سیستمی هەڵبژاردن بەلیست هەڵبژاردنەکان فراوانو سەربەست دەکات لەبەرامبەر دەنگدەردا لەهەڵبژاردنی نوێەراندا بەپێی زۆرییان و پێچەوانەی سیستمی هەڵبژاردنی تاکەکەس کە ئەم بوارە تەسك دەکاتەوە بۆیە زۆرجار دەنگدەر بۆی نادۆزرێتەوەو ناتوانێت دەنگ بەنوێنەرێکی تایبەت بدات بەپێی پەیوەندی کەسێتی یان پەیوەندی خێزانی یان ناوچەگەری هەروەها سیستمی هەڵبژاردنی بەلیست پەسەندایەتی لەنێوان نوێەرێكو نوێنەرێکی تردا پێك دەهێنێ لەسەر بنەمای بابەتی پێك دێت مەبەستی هاوسەنگیە لەنێوان بیرو راو بۆچوونە جیاوازەکاندا نەك لەنێوان کەسەکاندا هەروەکو لەهەڵبژاردنی تاكو سیستمی بەلیستی هەڵبژاردندا.

پاش خستنە رووەکانمان بۆ ئەو بەڵگانەی کە لایەنگرانی سیستمی تاکەکەسی و سیستمی هەڵبژاردنی بەلیست بانگەشەیان دەکرد. دەرکەوت کە هەموو سیستمێك باشو خراپیشی هەیەو لەرووی واقیعەوە ناتوانین هیچ یەکێك لەو سیستەمانە بەسەر ئەوەی تردا بسەپێنین، سیستمێك لەدەوڵەتێکدا سەرکەوتن بەدەست دێنێت لەدەوڵەتێکی تردا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت،ئەم مەسەلەیە دەوەستێتە سەر هۆشیاری دەنگدەرانو پێگەیشتووی سیاسیانو مێژووی ئەزموونەکانی ئەو دەوڵەتە لەهەڵبژاردنداو بارودۆخی سیلسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی دەوڵەتەکە.

**پێنجەم: سیستمی زۆرینە:**

بەپێی ئەم سیستمە براوە لەهەڵبژاردندا ئەو کاندیدە یا ئەو کاندیدانە دادەنرێت کە زۆرینەی دەنگەکانیان لەبازنەی هەڵبژاردنەکاندا بەدەست هێناوە، دەتوانرێت ئەم سیستمە لەباری دەنگدانی تاکەکەس و دەنگدان بەلیست پیادە بکرێت واتە هەڵبژاردن چەند نوێنەرێك لەیەك ناوچەدا ئەگەر هاتوو هەڵبژاردنەکە تاکەکەسی بوو ئەو کاندیدە براوەیە کە زۆرترین دەنگە کانی بەدەست هێناوە، بەلاّم ئەگەر دەنگدان بەلیست بوو ئەو لیستەی

براوەی هەموو کورسیەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکەی کە زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دێنێت.

**نرخاندن و قەبلاندنی سیستمی زۆرینە:**

زۆربەی یاسانلسە دەستوریەکان بۆ ئەوە دەڕۆن کە پێکەوە گرێدراویەك لەنێوان سیستمی زۆرینەو سیستمی دوانەی حزبی هەیە لەبەر ئەوەی ئەم سیستمە بەماوەیەکی درێژدا دەڕوات بەلای کەم بونەوەو بۆ کەم کردنەوە لەژمارەی حزبەکان.

تێکەڵ بوونی هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیاندا هەتاکو کارەکە بەبوونی دوو حزبی گەورە کۆتایی دێت بەدرێژایی ساڵان زۆرینەی پەرلەمانی لەنێوان خۆیاندا دەگۆڕنەوە. باشترین نموونەش بۆ ئەمە نموونەی ئەمریکاو بەریتانیا، کە هەریەکەیان سیستمی دوو حزبی گەورە و سیستمی زۆرینە لەهەڵبژاردندا دڕۆن بەڕێوە کە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت لەبارێك لەبارەکاندا کە سیستمی زۆرینە ناتوانرێت کاری پێ بکرێت لە سێبەری سیستمی زۆرینەی حزبدا، کە یاسای هەڵبژاردنی ئەڵمانی دەرچوو لە 15 ی یۆنیۆ 1945 ئەمەی لێ وەرگرتووە، هەروەها پڕۆژەی ئەودەمی ئەمەی وەرگرتووە لەهەموو یاساکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا، لەیاسای هەڵبژاردنی یەمەنیدا براوە لەهەڵبژاردندا ئەو کاندیدە دادەنرێت کە زۆرینەی ژمارەی دەنگەکان بەدەست دێنێت.

**تایبە تمەندیەکانی سیستمی زۆرینە:**

لەراستیدا ئەوەی زیاتر ئەم سیستمەی پێ دەناسرێتەوە: سادەیی و روونی و توانایەتی بۆ پێکهێنانی زۆرینەی پەرلەمانی یەکگرتوو کە ئەمە لەکۆتاییدا بەرەو جێگیربوونی حوکمڕانی دەبات. ئەم سیستمە وا لەدەنگدەر دەکات کە هەموو کاندیدەکانی هەڵبژاردن بناسێت کە کێ بڕکێیانە بۆ بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەران ئەو کارەی کە لەسەریەتی کەمکردنەوەی کاریگەریی حزبە سیاسییەکانە لەسەر بیرو راو بۆچوونەکانی دەنگدەران.

**خەوشەکانی سیستمی زۆرینە:**

ئەوی لەسەر ئەم سیستمە تۆمار کراوە، جیاوازی و لەیەك نەچوونە لەگەڵ دیموکراتیەدا. هەروەها ئەنجامەکانی بەدادوەری نانلسرێنەوە، لەبەر ئەوەی هێزی سیاسی دەخاتە بەردەست چینێك کە هاوکاری ناکات، لەسەر ئەم بێ بایەخ و پشتگوێ خستنە رێك دەخرێن جگە لەو چینانەی کە هەندێکیان جێگەی بایەخی گەورەن بەمە ئەنجومەنێکی نوێنەرایەتی هەڵبژێردراو دوور لەوەی نوێنەری هەموو چینەکانی گەل بێت پێك دەهێنێت. ئەگەر کەمایەتی نوێنەرایەتی نەبێ لەئەنجومەنەکە دەوڵەت نابێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی کە لەسەر بنەمای یەکسانی پێك هاتبێ، بەڵکو دەبێتە حکومەتی چینێکی نایاب و دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو ئەوانەدا دەچەسپێنێ کە دژی بیروڕاکانین.

**شەشەم: سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی:**

مەبەست لەسیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی پێدان و بەخشینی ژمارەیەك کورسی نوێنەرایەتییە بۆ هەر حزب و لایەنێك کە بگونجێت لەگەڵ ژمارەی ئەو دەنگانەی کە بەدەستی هێناوە، ئەم سیستمە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بنیات نرا لەرێگەی کاریگەریی ئەو دەنگانەی کە بانگەوازی چاککردن و داڕشتنەویان لە سیستمی زۆرینەیان دەکرد. لەبەر ئەوەی نوێنەرایەتی بۆچوونەکانی بیروڕای گشتی نەدەکرد وەك نوێنەرایەتیەکی راستەقینە لەپەرلەماندا، هەروەها لایەنگیری حزبە گەورەکانیان دەکرد لەسەر حسابی حزبە بچووکەکان، دەیانگوت بەراستی تەنها سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی بوار دەدات بەدابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان لەنێوان زۆرینەو کەمینەدا.

بیروڕای فەقیهەکان لەبارەی جێبەجێکردنی ئەم سیستمە لەپەناو ژێردەستی سیستمی هەڵبژاردنی تاکدا بۆ دوو ئاراستە دابەش بوو.

ئاراستەی یەکەم: وای دەبینین کە ئەم سیستمە جێبەجێ ناکرێت تەنها لەگەڵ سیستمی بەلیست هەڵبژاردندا نەبێ لەبەر ئەوەی بەپێی سروشتی

چەند کورسییەك دەخوازێت بەرێژەیەکی دیاریکراو دابەش بکرێت هەروەها سیستمی لیست دابەش کردنی دەوڵەت بۆ بازنەی هەڵبژاردنی گەورە دەسەپێنێت.

ئاراستەی دووەم: ئاراستەی دووەم بۆ ئەوە دەڕوات کەسیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی لەپاڵ سیستمی بەتاك هەڵبژاردن‌و سیستمی بەلیست هەڵبژارندا دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت، ئەم سیستمە وەك ئەوەی کە لەجمهوریەتی ئیرلەندادا هەر لەدامەزراندنیەوە کاری پێ دەکرێت هەروا لەئوستورالیا لەهەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجومەنی پیراندا (شیوخ) هەر لەساڵی 1949ەوە.

**باشیەکانی سیستمەمی نوێنەرایەتی رێژەیی:**

ئەوەی زیاتر ئەم سیستمەی پێ دەناسرێتەوە ئەوەیە کە : رێگە دەدەات بەنوێنەرایەتی کردنی هەموو بیروبۆچونەکان‌و بیروڕای گشتی‌و حزبە سیاسیەیکان لەپەرلەماندا، دەوترێت ئەم سیستمە دادپەروەرانە ترە لەسستمی زۆرینە، لەبەرئەوەی بۆ هەر حزبێك ژمارەیەك کورسی لەئەنجومەنی نوێنەراندا دەستەبەر دەکات کە لەگەڵ ژمارەی ئەو دەنگانەدا گونجاو بێت کە لەهەڵبژارننەکاندا بەدەستی هێناوە. ئەم سیستمە باوەڕی بە پارێزگاری کردن لەحزبە سیاسییەکان هەیەو گەشەشی پێ دەکات، لەم بوارانەدا بۆ ململانێی سیاسی دروست‌و دوورخستنەوەی وڵات لەو تەنگەشانەی دێتە کایەوە لەرێکخستنە سیلسیە نادروستەکاندا وەك رێکخراو حزبە نهێنیەکانن بەڵکو هانی دەنگدەر بدات بەدەنگدان بۆ هەریەکێ لە تاکی شایستە لەحزبە سیاسییەکاندا، لەوانەیە دەنگدەر بەرهەڵستی بکات لەبەشداریکردنی هەڵبژاردنەکاندا کاتێ کەبینی حزبە بەشداربووەکان لەهەڵبژاردنەکاندا نوێنەرایەتی بیرو راکانی ناکەن یان کاتێك بترسێت دەنگەکەی بەفیڕۆ بچێت لەبەر ئەوەی دەیدات بەحزبێك کە دەنگی دیاریکراوی هەیە لەناو میللەت.

**خەوشەکانی سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی:**

زۆرێك لەدەوڵەتان بەرهەڵستی دەکەن بەهۆی ئەو خراپیانەی لەسەری تۆمار کراوە لەوانە: وا لەدەنگدەر دەکات کە توانای هەڵبژاردنی نەبێت لەنیوان ژمارەیەکی زۆر لەکاندیدەکان هانی حزبە سیلسیەکان دەدات بۆ زۆرێتی‌و فرەیی تاکو رادەیەکی یەکجار زۆر هەر کۆمەڵەیەك هەرچەندە ژمارەیان کەم بێت دەتوانن ببنە حزبێك کە ئەمەش دەنگ بەفێرۆ ناچێت لێرەو لەوێ، لەکۆتاییدا دەگاتە ئەوەی کە کورسییەك بەدسەت بێنێت لەقۆناغی دووەمدا، ئەگەر نەیتوانی لەقۆناغی یەکەمدا بەدەستی بێنێت.

ئەم سیستمە کورسییەکانی پەرلەمان لەنێوان حزبەکاندا بڵاو دەکاتەوە کە ئەمە کارێکی ناپەسەندە لەبەر ئەوەی بوارو رێگا بەهیچ حزبێك نادات کە زۆرینەی رەها لەئەنجومەنی نوێنەراندا بەدەست بێنێت، ئەم کارە گرنگی پێکهێنانی وەزارتەکان قورس‌و گران دەکاتەوە، ئاشکرشە کە پێکهێنانی وەزارەت لەحزبێك زیاتر واتا نەگونجانی سیلسی، بەڵکو بای ناکۆکی توندی دەکات لەدوای ماوەیەکی کورت لەپێکهێنانی، ئەمە لەساڵی 1990 لە جمهوریەی یەمەن رویدا کە لەسێ حزب پێکهات، کۆنگرەی میللی گشتی‌و گردبوونەوەی یەمەنی بۆ چاکسازی‌و حزبی ئیشتراکی، دەسکەوتی گەورە تۆمار کرا لەم سیستمەدا وا لەهەندێ لەسەرکردە حزبیەکان دەکات پارێزگاری لەئەندامێتیە هەمیشەیی یاخود درێژو بەردەوامیەتی پەرلەمان بکات، بەچاوپۆشی لەو شەعبیەتەی کە حزب لەبەرزی‌و نزمیدا دەیچێژێ. هەر حزبێك لەئاستی بڵاوبوونەوەیدا پێویستە لێرەو لەوێ هەندێك دەنگ بەدەست بێنێت، لەکۆکردنەوەی ئەو دەنگانەدا هەندێ لەکورسییەکانی نوێنەرایەتی بەدەست دێنێت و هیچی لەسەر نیە تەنها ئەوە نەبێ هەندێ لەو ناوانەی کە دڵنیایە لێیان کە دەنگیان دەدەنێ دەچنە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە لەسەرتەی ناوەکان دانێ. ئەم بارە لەتوانایدایە کە هەندێ نوێنەر بێنێتە کایەوە کە بواری دوورکردنەوەو جیاکردنەوەیان نەبێت.